# عەبدولکەریم سروش

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١- ڕابەرێکی چالاکی کایەی نوێکردنەوە و چاکسازی هزر و کاروباری ئایینی ئیسلامە، لە ساڵی ١٩٤٥ز لە ئێران لە دایک بووە. لە هەندێک سەرچاوەدا بەڕابەری هزری سیاسی ئیسلامی ناسراوە، ناوی خۆی حسین حاج فەرەج دەباغە، لە بەریتانیا خوێندوویەتی و دوای ئەوەی خومەینییەکان شایان لاداوە لە تاران ڕژێمی ئیسلامییان ڕاگەیاند، کراوە بە ڕابەرێکی ناوبراو بە (بزووتنەوەی شۆڕشی ڕۆشنبیری).

نووسینەکانی پتر وانە (موحازەرە) بوون و کۆکراونەتەوە و کراون بە کتێب: تاوەکوو ساڵی ٢٠٢٠ لە ئەمریکا- واشنتۆن مامۆستا بووە، لەوێ دەربارەی کاروباری ئایینی ئیسلام وانەی گوتووەتەوە و چالاک بووە.

- بە جیاواز لە هزرمەندە چاکسازە موسڵمانەکانی پێش خۆی، ڕێگا و شێوازی ئەوتۆی گرتووەتە بەر، دەکرێ بە مۆدێرن ناوببرێ و لە جیاتی سیاسەت پتر پەنای بۆ ستایلی وردبوونەوە و شیکردنەوەی فەلسەفییانە بردووە. هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە دوو بابەت لە یەکتری جیا بکاتەوە.

**یەک:** ئایین: لە خۆیدا جێگرە و هیچ گۆڕانێک هەڵناگرێ.

**دوو:** زانینی ئایینییانە: ئەمە ناجێگیرە و

دەکرێ ببێ بە پاوانی گۆڕان.

ئەو هەنگاوە تا ڕادەیەک دەستەبەری کار ئاسانی بووە بۆ ئەو ئەرکەی وەک ڕابەرێکی شیعە مەزهەب گرتوویەتییە ئەستۆی نوێکردنەوە، چاکسازی، ژیاندنەوەی کاروباری ئایین بە جۆرێک لەگەڵ پێشهاتەکانی سەردەمدا بگونجێ، بە تایبەتی دوای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی بەسەر گشت لایەن و ڕەهەندە هەمەجۆر و جیاوازەکانی جیهاندا هاتووە.

- ئەو پرسیارەی لێرە بەبیردا دێ، ئایا سەیدا سروش مەبەستی گۆڕینی ئەو زانینەیە کە موسڵمان هەیەتی؟ یان کەلەپوور و کولتووری بۆ ماوەی ئایینەکەش دەگرێتەوە؟ تاوەکوو چەند ئەم دوو لایەنە کە چاکسازییان تێدا بکرێ، دەبنە مایەی جۆر و شێوازی کار و کردار و هەڵوێست و بۆچوونی مرۆڤی موسڵمانی سەرگەردان بە دەست ئەو کێشە و بەرانەوە؟!

- لێرەدا ڕەخنەیەک سەر ئاو دەکەوێ، ناکرێ وا بە ئاسانی کاڵ بکرێتەوە:

لە ئابووری سیاسیدا قسە لە سەرخان و ژێرخان دەکرێ. یەکەمیان تیشکدانەوە و بەرجەستەکردنی دووەمیانە. ئەگەر کۆششی گۆڕینی سەرخان بکرێ بەبێ چاکسازی لە کایەی ژێرخانەکەدا سوودێکی ئەوتۆ دەستگیر نابێ.

ئیتر با سەیدا سروش سەرخانەکە بگۆڕێ کە (جەنابی عالییان) بە زانینی ئایینی ناوی بردووە، هیچی ئەوتۆ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە ژێرخانەکە، کۆمەڵگە، ژینگە، دەوروبەر کە پاوانی ئایینەکەیە و تێیدا سەری هەڵداوە و جێگیر بووە، ئەوجا چەقی بەستووە، جارێکی تر لە هەلومەرج و ڕەوشی سەردەمی نوێدا بە شێوازێکی تر هەر ئەو کێشە و بەرە و چەق بەستووییە دروست دەکاتەوە و دەیانسەپێنی.



**عەبدولکەریم سروش**

سروش هەوڵی داوە ئەنجام یەکلایی بکاتەوە، بەڵام هۆکارەکە هەروەک خۆی ماوەتەوە، بۆیە چاوەڕێی مەبەستی خوازراو ناکرێ. گۆڕینی ژێرخانی ئایینێکی گشتگیری تۆتالیتیری چەقبەستوو کە پەلوپۆی لە هەموو کونوکەلەبەرێکی کۆمەڵگە و ژیاندا وەک ڕەگوڕیشە چەسپاندووە، گۆڕینی (چاکسازی، نوێکردنەوە) ئەگەر بە ئەستەم و لە کردن نەهاتوو نەبێ، ئەوە وا سووک و ئاسانیش نییە، ئەوی دمێنێتەوە قسەی لێ بکرێ و ئومێدی لەسەر هەڵبچنرێ، وردەکاری و هەندەکییە، ئایا ئەم گۆڕانە بەو سروشتەی، تۆزی دەبێ؟!

بەڕێز سروش لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە شیعە مەزهەبدا ژیاوە، بە تەواوەتی ئاگادار بووە، دیتوویەتی، بیستوویەتی و هەستی پێ کردووە کە هەڵگر و لایەنگرانی مەزهەبەکەی، هیچ کاتێک ئامادە نەبوون و نین پردی پێوەندی و لێک تێگەیشتن، ئەگەر ڕوخسارەکی و دەڵەمەییش بێ، لەگەڵ هاووڵاتیانی سوننە

مەزهەبی وڵاتەکەی ببەستن؟! کەوابوو گەزی چی و جاوی چی؟! زانینە ئایینییەکە دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟!

٢- بەرهەمە سەرەکییەکانی د. سروش کراون بە عەرەبی و هەندێکیشیان بە کوردی. گرینگترینی بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی ئەمانەن:

- القبض والبسط في الشريعة (دەستگرتنەوە و دەستبڵاوی لە شەریعەتدا).

- الصراطات المستقيمة (ڕێگا ڕاستەکان): هەمەڕەنگی لە ئاییندا، (٢٠٠٩).

- بسط التجربة النبوية: شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئەزموونی پەیامبەرێتی، (٢٠٠٩).

- العقل والحرية: (ژیر و ئازادی)، ٢٠٠٩.

- التراث و العلمانية: کەلەپوور و سێکولاریزم، ٢٠٠٩.

بە زمانی کوردی لە ژێر ناوونیشانی گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولکەریم سروش: نیوەی پەنهانی فەیلەسووف. وەرگێڕانی: حەسەن نازدار ساڵی ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدات، جیهاندیدێکی ڕێکوپێک سەرنجی ڕادەکێشێ کە لە سێ سەرچاوەوە کەوتووەتەوە:

**یەک:** سۆفیگەرێتی، بە تایبەتی ڕێبازی مەولانای ڕۆمی (جەلالەددین)، تەنانەت ناوونیشانی کتێبی یەکەمیشی هەر لەوەوە وەرگرتووە.

**دوو:** فەلسەفە، لە لەندەن، جگە لە بابەتی دەرمانسازی و کیمیایی ئەزموونی، فەلسەفەی زانستی خوێندووە و پشت ئەستوور بە ڕێبازی فەلسەفەی هێرمێنویتیک (شرۆڤەکاری - تەئویل) بابەتی ئایین (شەریعەت، فیقهو ئوسووڵی ئایین و پەیامبەرێتی و زانینی ئایینی) تاووتوو کردووە، خۆیشی لە چەند بۆنەیەکدا دانی پێداناوە کە گەڕاوەتەوە بۆ سەر زانستی کەلامی موعتەزیلە و دەکۆشی درێژە پێدەری بێت.

**سێ:** ئایین، بە تایبەتی مەزهەبی شیعەی (جەعفەری دوازدە ئیمام).

لەو سێ سەرچاوەوە جیهاندیدێکی ڕەنگ ڕشتووە بە قسە و بۆچوونی خۆی دەکرێ بە نەخشەڕێگای چاکسازی و گۆڕان و نوێکردنەوە لە کەلەپوور و کولتووری ئایین دابنرێ.

- شان بە شانی جیاکردنەوەی زانینی ئایینی لە ئایین، کە گوایە لەم چالاکییەیدا پشتی بە زانینی زانیستییانە بەستووە (١).

٣- سەیدا سروش بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، گوایە لە سەردەمی خوێندکارییەوە لە لەندەن گەڵاڵەی کردووە و دواتر لە ئێران پەخش و بڵاوی کردووەتەوە، ئەو بۆچوونەشی دەربارەی دوو بابەتە:

**یەک:** سرووش و پەیامبەرێتی (وەحی و نبووە).

**دوو:** پێکهاتەی قورئان (سوورەتەکانی) لە نێوان ڕەببانی و مرۆڤیدا.

لە هەردوو خاڵدا کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە سرووش و پەیام هەردووکیان تایبەتن بە کەسایەتی پەیامبەری ئیسلام (٢)، قورئانیش خۆی (سوورەتی کەهف. ئایەتی ١١٠) پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە پەیامبەر خۆی مرۆڤە -بەشەرە- و سرووشی بۆ دێت.

کەوا بوو بە باوەڕی د. سروش ئەو ڕەوشە چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە و چ بڕیار و بۆچوونێک پشتڕاست دەکاتەوە؟!

- سروش لە جیاتی وشەی (سرووش — وەحی) چەمکی ئەزموونی ئایینی بەکاردێنێ. ئەو بەکارهێنانە ئەوەی لێ تێ دەگەیشترێ کە وا تەماشای پەیامبەری ئیسلام دەکات، کەسێکە بە هۆی ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیە چەمک،

ڕێنمایی، بیروبۆچوونی نوێی ئەوتۆی بۆ هاتووە، ناکرێ بۆ مرۆڤی ئاسایی بە ڕێگەی سروشتی بە دەست بێت!

دڵی خەبەری داوە، گوێبیست بووە کە ڕاسپێردراوە پەیامێکی ئاسمانی و فەرمایشتەکانی ڕەببانی بە خەڵک بگەیەنێ.

ئەو ئەزموونە تایبەتییە لە ناخی دەروونیدا جێگیر بووە و هەستی بەوە کردووە کە مرۆڤێکی ترە و ئەرک و فەرمانێکی نوێی لەسەر شانە و دەبێ بە دڵ و بە گیان بچێتە ژێر باری پیادە و جێبەجێ کردنییەوە.

- ئایین بەو پێیەی سەیدا سروش لێکی داوەتەوە، کاروبارێکی مرۆڤییە (بەشەرییە). پەیامبەری ئیسلام خۆی لە نێو خەڵکەوە هاتووە و لەگەڵیان ژیاوە. سەرپەرشتی و ڕابەری کردوون، ئیتر هەر لە جەنگ (غەزاوە) تاوەکوو پێش نوێژیی. ڕووبەڕووی دۆست و دوژمن، یارونەیاران بووەتەوە، بە هەلومەرج و دۆخی جیاوازدا تێپەڕیوە، ئیتر ئایین خۆی لە کۆی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵوێستە یەک لە دوای یەکەکان و ڕەوشە مێژووییەکەی پەیامبەر بەولاوە نییە.

بەڵام کەسایەتی پەیامبەری ئیسلام، لەلایەن جیهانی غەیبەوە پشتگیری کراوە — بە ڕێگەی سرووش — هەرچی کردوویەتی و گوتوویەتی بە سرووش پشتڕاست کراوەتەوە، ئیتر ئەوەیە مەبەست کە دەگوترێ پەیامبەری ئیسلام هەردوو ڕەهەندی ئایینەکەی بە ڕەببانی و مرۆڤییەوە بەرجەستە کردووە (٣)، بۆیە دەگوترێ ئایینی ئیسلام ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی گیانی- ناوەکی و دەرەکی پەیامبەری ئیسلامە.

- بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونە کە پەیامبەرێتی و ئایین دوو ڕەهەندی ڕەببانی- مرۆڤی مێژووییان هەیە، سەیدا سروش چەند نموونەیەکی لە قورئان هێناوەتەوە:

ئەگەر تۆمەت بۆ عائیشە و سەفوان هەڵنەبەسترایە (سورەتی ئەل نوور) لە قورئاندا نەدەبوو. ئەو سورەتە ڕەهەندی مرۆڤی هەیە و ڕەببانی نییە. سروش دەڵێ:

جەنگی (ئەحزاب) و دوژمنایەتی کردنی پەیامبەری ئیسلام لە لایەن ئەبوو لەهەب و ژنەکەیەوە، بوون بە مایەی ئەوەی سورەتی (ئەحزاب) و سورەتی (مەسەد) (٤) پەیدا ببن، ئەو جۆرە سورەتانە لە قورئاندا سروشت و ڕەهەندی مرۆڤی و مێژووی قورئان پشتڕاست دەکەنەوە.

لەو بۆچوونەی سروش وا دەردەکەوێ کە ئەو هزرمەندە شیعە- فارسە- زمانی عەرەبی زانیوە - کۆشاوە بە پێی ڕەوشی سەردەمی خۆی کە تارادەیەک خەسڵەت و سروشتی ترانسندێنتی قورئان و ئایین و پەیامبەرێتی (نبوەت) کاڵ بکاتەوە و ڕەهەند و خەسڵەتی مرۆڤی- مێژووییان پێ ببەخشێ، بە قسەی سروش قورئان لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان ڕەببانی (ئیلاهییە)، بە سرووش (وەحی) بۆ پەیامبەری ئیسلام هاتووە و بەشەکەی تری مێژوویی مرۆڤییە و خراوەتە نێو مەسحەفەوە. ڕووداو لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویيدا قەوماون و لە قورئاندا تۆمار کراون، سەیدا سروش هەر لەو بارەیەوە لەو باوەڕەدا بووە کە پەیامبەر مرۆڤێکی ئاسایی بووە، بەو واتایە کە تاقیکردنەوەیەکی ئایینی مرۆڤی هەبووە، لەگەڵ خەڵک هەستاوە و دانیشتووە و ژیاوە، هاوسەرگیری کردووە. ئایینەکەش هەر مرۆڤییە (بەشەرییە) ڕەنگدانەوەی پێداویستییە ڕاستەقینە و (واقیعییەکانی) مرۆڤی ئەو سەردەمە بووە. سورەت و ئایەتەکانیش وڵامدانەوەی ئەو

ڕەوشە لە ئارادا بووە بوون.

بەو پێیە وەک سەیدا سروش گوتوویەتی: پەیامبەرێتی، قورئان ڕەهەند و خەسڵەت و سروشتی مێژوویی هەنگاو بە هەنگاویان هەبووە و ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی ئەو دۆخ و ڕەوشە بوون کە لە سەردەمی پەیدابوونی ئایین و پەیامی ئیسلام لە ئارادابوون، ئەمەش وا دەگەیەنێ بەپێی ئەو قسە و بۆچوونانەی عەبدولکەریم سروش: ڕەوش و هەڵکەوتی لە ئارادا بوو، ڕووداوەکاوەکان و جۆری ژیان و کرداری خەڵکی ئەو سەردەمە، ڕوخسار و ناوەڕۆکیان بە ئایینەکە و پەیامبەرێتی بەخشیوە. خۆ ئەگەر ڕەوشی لە ئارادابووی ئەو سەردەمە بە جۆر و شێوازێکی تر بووایە، دوور نەبوو ناوەڕۆکی قورئان و پەیامی پەیامبەرێتی و ئایینەکە بە جۆر و شێوازێکی دیکە بوونایە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێ:

ئەگەر قسەکەی سروش دروست بێ، قورئان، ئایینەکە دوو ڕەهەندی ڕەببانی (ئیلاهی)، مرۆڤییان هەیە و خەسڵەت و کارەکتەری مێژووییان پێوە دیار بێ، چۆن سرووش (وەحی) لێک دەدرێتەوە؟!

٤ – وا پێدەچێ سەیدا سروش شارەزایی لە جیهاندیدی موعتەزیلە هەبووبێ و کتێبەکەی ئیبن خەلدوون (مقدمة ابن خلدون)ی خوێندبێتەوە. لە کاتی خۆیدا موعتەزیلە گومانیان لەوە هەبووە کە سورەتی مەسەد و ئەحزاب و هەندێک سورەتی تر بە وەحی هاتبن و بەشێک بن لە سورەتەکانی قورئان! گوایە ئەو سورەتانە لەگەڵ شکۆمەندی ڕەببانی ناگونجێن.

ئیبن خەلدوون بە جۆرێکی تایبەتی پەیامبەرێتی سرووش (وەحی) لێکداوەتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە جوبرائیل بکات(٥).

– ئیبن خەلدوون دەڵێ دەروون (نەفس)ی پەیامبەران لە هی خەڵکی سادە جیاوازە، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکیان هەیە خوا پێی بەخشیون لە کاتی هاتنی سرووش (وەحی) دەروونیان – ڕاستتر – گیانیان لە سروشتی مرۆڤی دادەماڵرێ – ینسلخ – دەچێتە جیهانی گیانییەوە کە بە پلەوپایە بەرزتر و جیاوازترە، جیهانی فریشتە و پەری و (مەلەکووت) لەو ڕەوشەدا ئامادە دەبێ و سرووش و پەیامەکە وەربگرێ! ئەو گۆڕانە لە مرۆڤییەوە بۆ جۆرێک لە (مەلەکووت و ڕوحانییەت) بەبێ پێشەکی و خۆ بۆ ئامادەکردنێک ڕوودەدات و ڕوودانەکە لە چاوترووکانێکدا دەبێ.(ل١٠١). پەیامبەر لەو ڕەوشەدا مرۆڤی ئاسایی نامێنێ. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسەیەی ئیبن خەلدوون بەڵگە بەو جۆرە دەهێنێتەوە: سرووش، یان ئەوەتا وەک زەنگلێدان دەنگ دەداتەوە، یان فریشتە دێتە سەر ڕوخساری پیاوێک و قسەی بۆ دەکات و پەیامبەریش لێی تێ دەگات و بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان دەری دەبڕێ، ئیبن خەلدوون گوتوویەتی:

حارث کوڕی هوشام لە پەیامبەری ئیسلامی پرسیوە: چۆن سرووش (وەحیت) بۆ دێت؟! گوتوویەتی:

((هەندێک جار وەک لێدان و زرینگانەوەی زەنگێک دەبێ و لە واتاکەی تێ دەگەم و جاری واش هەیە فریشتەکە دەبێ بە مرۆڤێک (پیاوێک) و قسەم بۆ دەکات و تێی دەگەم دەڵێ چی))

(ئیبن خەلدوون: مقدمة. ل٩٩). گوایە عائیشەش ئەو قسەیەی دووپات کردووەتەوە. لەلای ئیبن ڕوشد، بۆچوونێکی لەو جۆرە بەرچاو دەکەوێ گوایە پەیامبەران توانایی ئەندێشەیان (خەیاڵ) لە بەهێزیدا سنوور بەزێنە و لە قۆناغێکی

دیاریکراودا ئامادە دەبن سرووش وەربگرن.

– ئیتر بەو پێیە پەیامبەری ئیسلام– سەبارەت بە سروش و ئایینەکە– بە دوو تاقیکردنەوەدا تێپەڕیوە کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو تەواوەتیەتی (کاملّبوون) چوون و قورئانیش هەر بەو جۆرە پێ بەپێ و وردە وردە هاتووە:

**یەک:** تاقیکردنەوەی ناوەکی (ناخی) دەروون: لەو ڕەوشەدا سرووش و ئیلهام و میعراج و چاودێریکردن و بیرکردنەوە دەگرێتەوە، ئەمەش تاوەکوو کۆچی دوایی پەیامبەر بەردەوام بووە بەو بەڵگەیەی لە (سورەتی مائدة ئایەتی ٣) دا هاتووە:

(الیوم اکملت لکم دینکم)، کەوابوو تاقیکردنەوەیەکی بەردەوامی درێژخایەن بووە تاوەکوو گەیشتووەتە لووتکەی تەواوەتی.

**دوو:** تاقیکردنەوەی دەرەکی: لێرەدا کۆمەڵگەی مەدینە ڕەنگی ڕێژدراوە، نەزمێکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و بەگژ دوژمن و ناحەزانی ئایینەکەدا چووەتەوە.(٦) بەو پێیە لەگەڵ کامڵ بوونی کەسێتی پەیامبەر، ئایینەکەش کە لە تاقیکردنەوەی ناوەکی (باطني) و دەرەکی ئەو پەیامبەرە بەولاوە نەبووە بەرەو لووتکەی کاملّبوون و تەواوبوون هەنگاوی هەڵگرتووە. ئەو جۆرە لێکدانەوەیەی سرووش و ئایین و کەسایەتی پەیامبەر کە گۆڕانێک بەسەر ناخی دەروونیدا هاتووە و وەک بۆ هاتنێک دڵی خەبەری داوە و ئەو دڵ خەبەردانەی– سرووش – بووە و کردوویەتی بە زمانی عەرەبی و بە خەڵکی ڕاگەیاندووە دوو جۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێ:

**یەک:** سەیدا سروش دەیەوێ بڵێ: تاقیکردنەوەی پەیامبەر لە ژیانیدا بە هەردوو ڕەهەندییەوە و ئەو سرووشەی بۆی هاتووە، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵکی سەردەمەکەی بوون و نەخشە ڕێگایەک بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشە فرەڕەنگییە هەمەلایەنەکانی خەڵک و کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە. ئەو تاقیکردنەوانەی پێوەندییەکی دەستیاویان لەگەڵ سروشتی هەڵکەوتی لە ئارادابوودا هەبووە، ئەو پێوەندییە لەسەر شێوە و شێوازی کار و کارلێکردن بووە.

**دوو:** سروش وەک هزرمەندانی پێشوو – موعتەزیلە، ئیبن ڕوشد، ئیبن خەلدوون ویستوویەتی، بگرە بە خامە و بیرکردنەوە کۆشاوە ساغی بکاتەوە سروشتی ترانسندێنتی و خەسڵەتی ئاسمانی سنووربەزێنی پەیامبەرێتی و قورئان و سرووش کاڵ بکاتەوە و بیانهێنێتەوە سەر زەوی و بیانکات بە بابەتێکی مرۆڤیانەی کۆمەڵایەتی کە ببن بە پشکێکی کارا و دانەبڕاوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بە خۆشی و ترشی و تاقیکردنەوە و ئەزموونی گوزەرانیان.

٦– ئەگەر سرووش لە ناخی دەروون و لە قووڵایی بوونی کەسێتی پەیامبەر هەڵبقووڵێ و بریتی بێ لە خەڵاتێک کە ڕەببانیەت خستبێتییە دڵیەوە، ئەویش ئەو خەڵاتە ئاسمانییەی بە خەڵک گەیاندبێ بەبێ دەسکاری، چۆن ئەو ناوەرۆکە بە پێز و فرەڕەنگییەی قورئان لێک دەدرێتەوە؟! ئایا لە توانایی تاکەکەسێکدا هەیە کە بە دڵ خەبەردان و خورپەکەوتنە دڵەوە ئەو بەرهەمەی هەبێ؟!

– دەربارەی بابەتی قورئان کە ئایا پێش ئەوەی بە سرووش بۆ پەیامبەری ئیسلام بێت، بە تەواوەتی نووسرابووەوە؟ ئایا دەکرێ بە یەک تاکە جار سەرجەم قورئان هاتبێتە خوارێ؟

سەیدا سروش دوو دڵە، بەڵام بە لایەکدا دەیشکێنێ کە پێش سرووش (وەحی) قورئان بوونی نەبووە، بەڵکوو ڕووداوەکانی سەردەمەکە لەگەڵ ڕەوشی لە ئارادابووی ئەوسا و کەسایەتی

کاریزمایی پەیامبەر ئەو بوونە مێژووییە هەنگاو بە هەنگاوەیان بە قورئان بەخشیوە (٧).

– ئەو جۆرە بۆچوونە بەو لایەدا هەنگاو هەڵدەگرێ کە ئایین بابەتێکی مرۆڤییە و خەسڵەت و سروشتێکی دیکەی نەبووە و نیەتی! هیچ شارەزایەکی کاروباری ئایین بە لقە جۆر بە جۆرەکانییەوە، هەمەلایەن و فرەڕەهەندە، سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەیەکی مێژوویی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، مێژووی پەیامێکی ترانسندێنتی ئاسمانی بەرجەستە کردووە، بە جوانترین شێواز تاقیکردنەوە و ئەزموونی نەپساوەی پەیامبەرێتی دەردەبڕێ، ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و گیانی پەیامبەری ئایینەکەی دووپات کردووەتەوە.

– ئەو ڕاوبۆچوونانەی سەیدا سروش ئەگەر لە چوارچێوەی ئایینی – ئایدیۆلۆجییەکەیان بهێنرێنە دەرەوە و بە دەستەواژەی فەلسەفە دەربببڕدرێن، دەکرێ بگوترێ جەنابی عالییان دەیەوێ بڵێ: هەموو بابەتێکی سەرووسروشتی ئەگەر هاتە خوارەوە بۆ ناو سروشت و کۆمەڵگە، خەسڵەتە سەرەکییەکەی کاڵ دەبێتەوە و خەسڵەت و سروشتی کۆمەڵایەتی و سروشتی پێ دەبڕێ، دەبێت بە بەشێکی گرنگی دانەبڕاوی ڕەوشی هەڵکەوتی لە ئارادابوو، سەیدا سروش ئەو پێوەرە بەسەر کاروباری ئایین و پەیامبەرێتی و سرووشدا پیادە و جێبەجێ دەکات.

– گشت کاروبارێکی ئەودیو مێژوو، سنووربەزێن لە پابەندی کات و جێگە نەبێ، کاتێک لە کایە و گۆڕەپانی مێژوودا جێگیر دەبن، هەموو هەلومەرجەکانی مێژوو دەیانگرێتەوە و بەسەریاندا جێبەجێ دەبێ! ئەو قسەیەی د. سروش سنووری گشت پیرۆزی و تابۆ و بەها ئایینییەکان کاڵ دەکاتەوە، ئەگەر بشێ نموونەیەک لە تەوراتی مووسا بخوازینەوە، تەنیا بە مەبەستی ڕوونکردنەوە: لە تەوراتدا هاتووە کە ڕەبی مووسا پابەند و پەیوەستی هیچ کات و سەردەمێک و مێژوویەک نییە، دەسەڵات و توانایی گشت سنوورێک دەبەزێنن، باشە ئەگەر لە سۆنگەیەکی مێژووییەوە سەرنجی ڕەبی مووسا بدرێت و پابەندی هەلومەرجی مێژوویی بکرێت، هیچی تر ڕەب دەمێنێ!

– دوور نییە بگوترێ مەبەستی سەیدا سروش ئەوە بووە بڵێ بیرۆکەی ڕەب بەپێی هەلومەرج و ڕەوشی مێژوویی، گۆڕانی بەسەردا هاتووە! ئەم قسەیە نە پاساودانە، نە ڕوونکردنەوەیە، بەڵکوو ئەگەر ڕاکردن نەبێ لە بابەتەکە، ئەوە بەلاڕێدا بردنیەتی.

نە ڕەب و نە بیرۆکەی ڕەب ناکرێ گۆڕانیان بەسەردابێت لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا بە تایبەتی جوولەکە و ئیسلام بە جۆرێک پێناسەی ڕەب کراوە کە لە وێنەی نییە و (لامەکان و لا زەمانە)، ئەمەش لە خۆیدا بنەبڕکردنی ڕیشەی هەموو جۆرە گۆڕانێکە بە هەر بارێکدا لێک بدرێتەوە. گۆڕان هەمیشە پەیوەستە بە کات و جێگەوە، ئەگەر ئەم دووانە پەک خران، ئەمەش هەر لە مێشک و ناخی دەروونندا دەبێ، گۆڕان پاشەکشە دەکات! ئەم کێشەیە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشی و بە هەر لایەکدا بارەکەی بگۆڕدرێ ئەنجامێک دەکەوێتەوە، نە بە دڵی زانایانی ئایینە و نە فەلسەفە پەسندی دەکات!

ئەگەر خەسڵەتی کات و جێگە لە ڕەبی مووسا بە دوور بگیرێ، ئەوکاتە بوونی ڕاستەقینە (واقیعی ڕیالیستی) لە دەست دەدات و دەبێ بە بیرۆکەیەک کە تەنیا هەر لە مێشکدا بوونی دەبێ! ئەمەش بەپێی بنەماکانی لۆجیک لەگەڵ

پێناسەی ڕەبدا نایەتەوە و ناگونجێ.

٧ – پرسیارێک کە سەیدا سروشی نیگەران کردووە و وەک کێچ چووەتە کەوڵیەوە: خۆی خوا یەکە، ڕاستی و ڕاستەقینە یەکە، خەڵک بە گشت نەتەوە و زمان و ڕەگەز بەندە و داهێنراوی خوان، کەواتە بۆچی ئەم هەموو ئایینە هەمەجۆر و ئەو هەموو پەیامبەرانە؟!

ئەو پرسیارە لە خۆیدا جۆرە ئاماژەیەکە کە ئایین و پەیامبەرێتی، خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و مرۆڤییان هەیە و سنووری ژیانی جیهان و سروشتی دەوروبەر نابەزێنن، ئەو جیاوازی و هەمەڕەنگییە هۆکارە، نەک بەڵگە (٨). مرۆڤ لە ژیاندا مەبەست و ئامانجی دیاریکراوی هەیە، هەندێک بابەت و شمەک وەک ئامراز بەکاردەهێنێ و پەنایان بۆ دەبات بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجانە، لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ جیهاندید و بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتی خۆی دەربارەی جیهانی دەوروبەر هەیە، ئەو جیهانە و تێکڕای ئامانج و ئامراز و بۆچوون و جیهاندید لە گۆڕانی هەمیشە و بەردەوام دان، ئەم ڕەوشە کۆن و نوێ، ڕابوردوو و سەردەم لە یەکتری جیا دەکاتەوە، لێرەوە جیاوازی نێو نەتەوەیی سەرهەڵدەدات!

– سەیدا سروش پشت ئەستوور بە ئایەتێکی قورئان دەڵێ لە سەرەتادا یەک میللەت هەبووە و دوایی ئەو گۆڕانە هاتووەتە کایەوە:

(سورەتی بەقەرە ئایەتی ٢١٣: کان الناس امة واحدة فبعث الله النبیین....)

بەلایەوە، هاتنی ئەو ژمارە زۆرە لە پەیامبەران بووەتە مایەی گۆڕان و پەرشوبڵاوی و لە یەکتری دابڕانی میللەتان کە ئەو وشەی (ئوممەت)یان بەکاردەهێنێ، لێرەوە جیهانی مرۆڤپەروەری بە دەرکەوتووە، هەروەها وای بۆ دەچێ کە ئەو جیاوازی و پەرت بوون و هەمەڕەنگی بوونی گەلان، جیاوازی سەرنجدان و ڕامان و بیرکردنەوەی بەدوادا هاتووە، ئەو ڕەوشەش مرۆڤایەتی مرۆڤ (بەشەر) ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە، ئەگەر پەیامبەران هۆکاری ئەو جیاوازییەی نێوان مرۆڤ و میللەتان بن، دەبێ سرووشی ئاسمانیی ئایین و پەیامبەران و قورئان چ واتا و پێگەیەکی بمێنێ؟! ئەوەیە مەبەستی د. سروش کە گوتوویەتی ئایین و قورئان ڕەهەندێکی مێژوویيان هەیە و ڕەنگدانەوەی ڕەوش و کات و جێگەی سەردەمی دیاریکراوی خۆیانن.

– ئەگەر بەپێی شەریعەتی ئایین، جیاوازی نێوان ئوممەت ڕەحمەتی بێ، جیاوازی نێوان ئایینەکان چۆن لێک دەدرێتەوە؟! کام ئایینە لەسەر هەقە؟! دەکرێ لە یەک کاتدا و لە چوارچێوەی سێ ئایینی ڕەببانی (ئیبراهیمی) سێ جۆر ڕاستی (هەقیقەت) هەبێ؟! بوونی پتر لە یەک ڕاستی و پاساودانی چەند ڕاستییەک بە هیچ بنەمایەکی ژیر و لۆجیک پشتڕاست ناکرێتەوە. ڕاستی هەر ڕاستییە! دوور نییە گازندەی ئەو بۆچوونە بکرێ و بگوترێ ئەوەتا هەر لە سەردەمی پەیدابوونی فەلسەفە لە یۆنان و دواتریش زانایانی زانستی کەلام لەسەردەمی عەبباسییەکان بوونی دوو جۆر ڕاستییان دووپات کردووەتەوە:

– ڕاستی باوەڕ و ئیمان.

– ڕاستی ژیرەکی (فەلسەفە)! ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟!

بوونی ئایینی جیاواز کە یەک ئامانج بەرجەستە بکەن بە سوود و قازانجی ئایینەکان ناکەوێتەوە، چونکە ئەوکاتە قسەکەی سەیدا سروش پشتڕاست دەبێتەوە کە ئایین بابەتێکی دنیایی سروشتی مرۆڤییە (٩) و بەپێی گۆڕان

و جیاوازی هەڵکەوتی لە ئارادابوو (واقیع) و ڕادەی گەشەکردن و پەرەسەندنی کولتوور و هزر و شارستانی مرۆڤ، ئایینەکەش پڕیشکی بەردەکەوێ.

- بەدوا یەکتریدا هاتنی پەیامبەران، هەرگیز جێگۆڕکێ نەبووە، کتێبێکی ئاسمانی ئەوی پێش خۆی نەسخ کردووەتەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی بڕوا و باوەڕەوە (عەقیدە و ئیمان) پەسندبێ و گومان هەڵنەگرێ، لە سۆنگەی لۆجیک و ژیرەوە کە هەردووکیان تانوپۆی فەلسەفە پێک دەهێنن، پاساو نادرێتەوە. ئەو دوو پرۆسەیەی بەدوای یەکتریدا هاتنی پەیامبەران کە هێزێکی دەسەڵات سنووربەزێنی پابەند نەبوو بە کات و جێگە ناردوون و ئەرکی دیاریکراو لەپێناو ئامانجی پێشییانە ڕەنگ بۆ ڕێژراو ناردوونی، ئەوجا کتێبێکی پیرۆزی پێش خۆی نەسخ کردووەتەوە، یان ئایەتێک نەسخ بووەتەوە و باشتر لە جێگەیدا هاتووە، لە دووپاتکردنەوە و سەلماندنی ڕەوش و سروشتی جیهانی و مرۆڤی ئایین بەولاوە شتێکی دیکە نییە. گۆڕانی پەیامبەران و نەسخ بوونەوە بە هەموو شێوازێک پرۆسەی گۆڕان پشتڕاست دەکاتەوە، ئەو گۆڕانەش ناکرێ سەرووسروشت (یان وەک عیسایییەکان دەڵێن مەملەکەتی ئاسمان) بگرێتەوە. د. سروش بۆ تاووتووکردنی کاروباری ئایین بە گشت ڕەهەندەکانییەوە پشتی کردووەتە باوەڕ و بڕوا (عەقیدە و ئیمان) و پەنای بردووەتە بەر ژیر و لۆجیک کە پوختەی چالاکی فەلسەفە پێک دەهێنن. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێ، باشە جەنابی عالییان لەوە ئاگادار نەبووە کە فەلسەفەی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست بە جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامەوە کۆششی دوورخستنەوەی گۆڕان و ڕەگەزی مرۆڤییان لە سروشتی ڕەببانیەت کردووە؟!

## ئەنجام

ئەگەر مرۆڤ لە بەرهەمە چاپکراوەکانی سەیدا سروش وردبێتەوە، جۆرە بیرکردنەوەیەکی نوێ (مودێرن) هەست پێ دەکات کە بە ژیر و لۆجیک (بیرکردنەوەی فەلسەفەیی و بڕیاردان و ئەنجامگیری پشت ئەستوورە) ڕۆڵی ئایین و شەریعەت لە ژیاندا، پێوەندییان بە ژیرەوە، ئایا لە هەبوونی ئاییندا، یان لە نەبوونەکەیدا کۆمەڵگە، مرۆڤ چاکتر دەتوانێ لە کایەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیدا گەشە بکات و پەرە بستێنێ؟! ئەو پرسیارانە بوون کە نیگەرانیان کردووە. بەلای (د. سروش)ـەوە:

**یەک:** نوێکردنەوە بریتییە لە جیاکردنەوەی (هەتا هەتایی – ئەبەدی) لە ڕەوشی مێژوویی گۆڕاو.

**دوو:** هۆکاری چەقبەستوویی جیهانی ئیسلام لەوەدایە، ڕێژەیی وەک ڕەها داناوە، سروشتی مێژوویی کردووە بە (هەرەکۆن – ئەزەلی).

**سێ:** ئایین لە زانینی ئایین، جیاوازە، یەکەمیان جێگیرە و ناگۆڕێ، دووەمیان دەگۆڕێ و بەپێی هەلومەرج و پەرەسەندنی ڕەهەندی مێژوویی، گۆڕانی بەسەردا دێت.

**چوار:** پشتگیری شێوازی حوکمڕانی (ولایەتی فەقیهی) نەکردووە بەو پاساوەی لەگەڵ ژیانی سەردەمدا نایەتەوە، ئەمەش جۆرە دوور خستنەوەیەکی ئاخوند و ڕابەرانی ئایینی دەگەیەنێ لە سیاسەت و دەوڵەت بەڕێوە بردندا.

**پێنج:** دەکرێ سوود لەو لایەنانەی شارستانیەت و کولتووری ڕۆژئاوا وەربگیرێ کە لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا دێنەوە.

**شەش:** خوا سرووش (وەحی) پلە بە پلەی خستووەتە دڵی پەیامبەری ئیسلامەوە، ئەویش ڕایگەیاندووە و گەیاندوویەتی بە خەڵک.

**حەوت:** قورئان دوو لایەنی هەیە، ڕەببانی و مرۆڤی. ئایەت هەیە بە ئاشکرا تایبەمەندی گەلی عەرەبی دەربڕیوە، کەوابوو لە دوو لایەنی وەحی و مرۆڤی پێکهاتووە. ناوەرۆکی قورئان گومان هەڵناگرێ و سرووش ڕاستە، بەڵام داڕشتنی قورئان و کردنی بە عەرەبی کاری پەیامبەری ئایینەکە بووە. ئەمانە بە گشتی توێژینەوەی ئازادی (ئیجتیهادی) عەبدولکەریم سروش بوون.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١ – د. عبدالكريم سروش: نیوەی پەنهانی فەیلەسووف، وەرگێڕانی: حەسەن نازدار، سلێمانی ٢٠١٢، ل٢٩.

٢ – د. عبدالكريم سروش: بسط التجربة النبوية، ت: احمد القبانجي، منشورات دار الجمل، بيروت ٢٠٠٩، ص١٢٣ – ١٢٤ وفي أماكن آخرى.

٣ – د. عبدالكريم سروش: ئەو سەرچاوەیە خۆی، ل٢٥.

٤ – د. عبدالكريم سروش: ئەو سەرچاوەیە خۆی، ل٢٧.

٥ – ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، دار الشرق العربي بيروت – حلب ٢٠٠٤، ص٩٨ – ١٠١.

٦ – د. عبدالكريم سروش: ئەو سەرچاوەیە خۆی، ل٣١.

٧ – د. عبدالكريم سروش: ئەو سەرچاوەیە خۆی، ل٢٣.

٨ – عبدالكريم سروش: التراث والعلمانية، ترجمة: احمد القبانجي، منشورات الجمل، بيروت، لبنان ٢٠٠٩، ص١٧.

٩ – عبدالكريم سروش: الصراطات المستقيمة، ترجمة: أحمد القبانجي، منشورات الجمل، بيروت، لبنان ٢٠٠٩، ص٥ – ٦، وفي اماكن آخرى.